## خۆم و زەردەخەنە تۆراوەکانم ... سارا عومەر، دانمارک

2006 /6 / 15

Xozga86@hotmail. com

ئەمشەو...
لە قوڵایی هەنسکی هەوردا
لەگەڵ قیژەی کونە پەپوویەکدا
ئاوی خۆشەویستی پڕ بارانی ئەنۆشمەوە
لە سامناکی هەڕەشەی نزایەکدا
ڕووت و قوتی
ساماڵی خەونەکانم ئەپۆشمەوە
لە کەڤاڵی. تارماییەکدا
بە ژوار.
بە ئەسپایی
بە بێ چرپە
هەنگاوەکانم سەرشێتانە و
بووکە سورە ئاسا
ملی ڕێگاکانی مەناومەینیان. گرتووە
... ....
من لە شەوە هاوینێکی هاوسێی پایزدا
بە دەم وڕێنەوە
ئاشنای ئەو بووم
لەسەر هەمان بەڵێنیش
بە کڵۆڵی شیعرەکانمەوە
خۆم و زەردەخەنە تۆراوەکانم
خۆم و گۆزە درز بردووەکەی سەر شانم و
کانیاوە وشک بووەکەی بەرپێم
لە تەنیشت پێخەفەکەمدا
هێور هێور
بەرەو کەلەپۆ. تل ئەبمەوە و
بە ئومێدی هەڵمژینی ئەو ووشانەی ئەیدایە دەم با و
ئەویش لەگەڵ نەسیمی باراندا بۆی ئەهێنام
ئەکەومە ڕێ...
بە ئومێدی
خواردنەوەی چەند پەڕە گوڵێک
شۆربا ئاسا لە فرمێسکی چاوی ئەو و
بۆنی هەناسەی ئەمشەوی
ئەکەومە ڕێ...
ئەی هاوڕەزی بەرسیلە و گوڵە گەنم

پێش شەو شادی ئەمشەوت

دڵم مەشكێنە و

لەگەڵ میوەی ماچە خەیاڵەكانتدا

بمكەرە دەنكە هەنارێک و

پێش ماڵ ئاوا

تامم بكە، بم قۆزەوە

تا لە شیلەی هەنگوینی ماچێكتدا

بتوێمەوە و

بەناو كورەی حەزەكەنتا

شۆڕببمەوە

... ....

ئای شەیتانۆچكەی خەونە سەر هەڵگرتووەكانم

تۆ تەماشاكە!

ئەمشەو بەبێ ئەو چەند شێتم، چەند شەیدام و

دێوانەی تارماییەكانیش

چاوبڕكێیانە و

لە پێكەنینا

زەلیلانە لە پێ كەوتوون

ئای چەند سەیرە!

من بۆ بینینی تروسكەی ئەو

لە زێمار. و خۆكوشتنی خۆمدا

شوێن شەمەندەفەری زەمەنی شەوانم ئەكەوم و

بە بێ هودە

ساتێک هەنار و

ساتێک گۆزەو

ساتێک بژاڵ. و

ساتێک سامالم

ئەمشەو....

تێبینی:

كەڤاڵ: بە واتای تابلۆ یەت

بە ژوار: واتە بە ئازار

مەناومەین: واتە بیابان یان دەشتی چۆڵ

كەلەپۆ: كەلی خۆر ئاوا بون

زێمار: واتە پرسە